# ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ئایینی یارسان
# لە
# چوارینەکانی بابا تاهیری لوڕدا

## فەهمی کاکەیی



بابا تاهیری هەمەدانی

## بابا تاهیری هەمەدانی، بابا تاهیری عوریان، یان بابا تاهیری لوڕ؟

**خداوندا بفریاد دلم رس**
**کس بیکس تونی مو مانده بیکس**
**همه گویند طاهر کس نداره**
**خدا یار منه چه حاجت کس [1]**

لەم چوارینەیەدا بە ئاشکرا و لە زمانی خودی ویژەرەکەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم زاتە گەورەیەی باسی دەکەین ناوی تاهیرە. تاهیر ئەگەر چی ناوێکی زاهیر و ئاشکرای ئەم شاعیرەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا و بە واتا کوردییەکەی کە دەبێت بە (پاک) هێمایەکی باتنی و شاراوەی هەیە، بەوەی دەمانباتەوە سەر یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی ئایینی یارسان. لە دەفتەری یاریدا هاتووە:

**یاری چار چێوەن باوەریٚ وە جا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا [2]**

پاکی لێرەدا بە شێوەیەکی موتڵەق گوتراوە و مانایەکی گشتی دەدات و زاهیر و باتن دەگرێتەوە، بۆیە لە مانا تایبەتییەکەی درباز دەبێتە سەر پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار. ئەم بنەمایانە سێ کۆڵەکەی گرنکی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتین. لەبەر ئەمە بێهوودە نییە کە ئەم سوفییە مەزنە ناوی تاهیر بێت و بە هۆی ئەم ناوەوە دوو جەمسەری گرنگی هەردوو ئایینی زەردەشتی و یارسان بگەیەنێتە یەک.

پێشوەندی ئەم ناوە بە پێی زمان و کات و شوێن بەم جۆرە گوتراوە: بابا لە ئێرانزەمین، بابە لە لایەن ئاخێوەرانی کرمانجی خواروو، هەروەها باوە لە لایەن ئاخێوەرانی ماچۆ و کەڵهوڕی و خەڵکی گەرمیان. کە ئەمەی دواییان، (مەبەست لە باوەیە) پلە و پایەی توێژێکی ئایینیشە لە لای یارسانییەکان، بۆیە دووری نابینم کە باوە گوڕگوڕیش پیاوچاکێکی یارسانی بێت و خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری هەر بەو ناوەوە پەنای بۆ دەبەن [3]:

**باوە گوڕگوڕ بە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم.**

د. محمد نووری عارف ئێژێت: هەندێ کەس ئەڵێن (بابا) یەکێکە لە ناونیشانە زۆر باشەکانی بەرەی بەکتاشییە و بەو هۆیەوە بابایان داناوە بە یەکێ لە سۆفییەکانی بەکتاشییە و دووریان کردۆتەوە لە (ئەهلی حەققە)... هتد[4]، بەڵام بەڕیزیان

نەیانفەرمووە ئەوانەی ئەم باسەیان کردووە کێن و هیچ سەرچاوەیەکیشی بۆ ئەم قسەیە دەستیشان نەکردووە.

لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەوەی بابا تاهیر سەر بە بەکتاشییەکان بێت یان یارسانییەکان (کە لێرەدا د. محەمەد بە ئەهلی حەققە ناویان دەبات)، چونکە سوڵتان سهاک دوای (100) ساڵ لە نۆژەنکردنەوە و ئاشکراکردنی ئایینی یارسان، زاتمیوانی حاجی بەکتاش بووە و ئەمەی دوایی ڕێبازی بەکتاشیی دامەزراندووە [5]. حاجی بەکتاش دۆنی (داود کەوەسوار) بووە، کە یەکێکە لە هەفتەن و ئەمەشیان ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی پیاوچاکانی یارسان .

**زمانی که داود عوض کرد دون**
**ببکتاش آمد دوباره برون**
**که بکتاش بد داود از جسم و جان**
**بشد ذات سلطان بر او میهمان [6]**

<u>**کوردییەکەی:**</u>

**کاتێ کە داود دۆنی خۆی گۆڕی**
**حاجی بەکتاش بوو ئەمجار کە نۆڕی**
**بەکتاش داود بوو هەم لەش و هەم گیان**
**زاتی شاسوڵتان لێی بوو بە میوان**

باوە تاهیر چەند پاشناو (نازناو)ێکیشی هەیە، وەک: هەمەدانی و عوریان و هەروەها لوڕ، کە ئەمەی دوایی لە سەرچاوە نووسراوەکاندا بەر چاو ناکەوێت، بەڵام بێگومان بناغەیەکی هەیە. باوە تاهیر پێی گوتراوە هەمەدانی چونکە لە هەمەدان ژیانی بەسەر بردووە و لەوێش کۆچی دوایی کردووە و مەزارگەکەشی هەر لەوێیە. لەبەر ئەوەی باوە تاهیر لەم جیهانەدا هیچ موڵک و ماڵێکی نەبووە و وێرانەیەکیشی نەبووە ئۆقرەی تێدا بگرێت و بە شەو و بە ڕۆژ هەر بە کێوانەوە بووە، نازناوی عوریان (ڕووت)یشی وەرگرتووە؛ عوریان بە مانای بێبەش لە ماڵی دنیا، لە سامان و لە دارایی. ئەم نازناوی (عوریان)ە نازناوی (زاهیر - دنیا)ییە، نەک (باتن –ئایینی)ی بێت، چونکە عوریان بە مانا مەزهەبی یان عیرفانییەکەی، بە کەسێک دەگوترێت پێشتر زاتێکی پێ بەخشرابێت (یارسانییەکان دەڵێن: بەشی درابێت. واتە لە زاتی خوایی بەشی هەبێت) پاشان ئەو زات (بەش)ەی لێ وەرگیرابێتەوە؛ یانی لەو زاتە ڕووت کرابێتەوە.

**ورا کرد عوریان و خالی بماند**

**هر آنچه باو داد از وی ستاند [7]**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**ڕووتی کردەوە و بەتاڵ مایەوە**

**هەرچی دابوویێ لێی سنرایەوە**

لکاندنی نازناو یان پاشناوی لوڕ بە بابا تاهیرەوە ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەوە بێت چوارینەکانی خۆی بە زاراوەی لوڕی نووسیبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی یەکێک بووە لە یارانی شاخۆشینی لوڕستانی، کە موژدەهێنەری ئاینی یارسان بووە و زۆربەی یارانی ئەم یان لوڕستانی بوون یان لە جێگاکانی دیکەوە بۆ لوڕستان چوون و سەریان بەو ئاینە سپاردووە. بەڵام لە سەرچاوەکاندا باس لەوە ناکرێت بابا تاهیر لە لوڕستان لەدایک بووبێت، لە یەکێک لەو سەرچاوانەدا کە ئەویش (راحة الصدور)ە، باس لەوە دەکرێت کە لە هەمەدان لەدایک بووە.

## لەدایکبوونی

تاکوو ئێستا بەڵگەیەکی بڕواپێکراوی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە، کە ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر دەستنیشان بکات و باسی چۆنیەتیی ژیان و ڕۆژگاری ئەو بکات. ئەوەی بۆ ئەم مەبەستە کراوەتە سەرچاوە هەندێک بەڵگەی دەماودەمن، وەک:
"ڕاوەندی" خاوەنی کتێبی "ڕاحة الصدور" دەربارەی بابا تاهیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "کاتێ توغرول بەگ دێتە هەمەدان سێ کەس لە پیاوچاکان بەسەر کێوی خدرەوە دەبن؛ بابا تاهیر، بابا جەعفر و حەمشادە. کاتێ سوڵتان دەیانبینێت لەشکرەکەی ڕادەگرێت و پیادە دەبێت. پاشان لەگەڵ وەزیرەکەیدا "ئەبو نەسری کندری" دەچن بۆ لایان و دەستیان ماچ دەکەن. بابا تاهیر هێندێک ڕادەمێنێت و ئەوجا ڕوو دەکاتە سوڵتان و پێی دەڵێت: ئەی تورک بەتەمای لەگەڵ ئەم خەڵقی خوایە چی بکەیت؟ سوڵتان دەڵێت: ئەوەی تۆ دەیفەرموویت. بابا تاهیر دەڵێت: خودا دەفەرموێت (إن الله يأمر بالعدل و الإحسان). سوڵتان دەست دەکات بە گریان و دەڵێت: بەڵی وا دەکەم. بابا تاهیر دەستی دەگرێت و دەڵێت: لێت قبووڵ کردم؟ سوڵتان دەڵێت: بەڵێ. پاشان بابا تاهیر لوولەی شکاوی مەسینەیەک "کە چەندین ساڵ دەستنوێژی بەو مەسینەیە گرتبوو، پاشان لوولە شکاوەکەی کردبووە پەنجە" لە پەنجەی خۆی

دەردێنێت و دەیکاتە پەنجەی توغرول بەگ و دەڵێت: قەڵەمڕەوی پاشایەتیم ئاوا کردیتە پەنجە، بڕۆ و دادپەروەر بە".
هەندێک لێکۆڵەرەوە بەپێی ئەم قسەیەی ڕاوەندی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەفەری توغرول بەگ بۆ هەمەدان لە ساڵەکانی 447-450 ی هیجری قەمەریدا بووە و لەم نەقڵە ئیشارەت بە دەورانی پیریی بابا تاهیر دەکرێت، وای بۆ دەچن کە بابا لە دواساڵەکانی سەدەی چوارەمی هیجری قەمەری لە هەمەدان هاتبێتە دنیاوە و لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا ناوبانگی دەرکردبێت.
میرزا مەهدی خانی کەوکەب لە گوتارێکدا لە گۆڤاری (مجمع آسیای بنگاله) ژمارە 2ی ساڵی 1904ی زایینی، بە پێی چوارینەیەکی بابا تاهیر، ساڵی 326ی هیجری قەمەریی بۆ لەدایکبوونی ئەو دەستنیشان کردووە. ئەو چوارینەیەش بەم جۆرەیە:

**مو آن بحرم که در ظرف آمدستم**
**چو نقطه بر سر حرف آمدستم**
**بهر ألفی ألف قدی بر آیو**
**ألف قدم که در ألف آمدستم**

بە پێی لێکدانەوەی پیتی ئەبجەدی وشەی "بحر" کە یەکسانە بە وشەی "دریا" - بە ڕێنووسی فارسی- و وشەی "ألف قد" و وشەی "طاهر" هەر یەکە و دەکاتە (215)، ئەگەر لەگەڵ "ألف" کۆبکرێتەوە کە ئەمیشیان یەکسانە بە (111) ئەو کاتە کۆی هەردووکیان دەکاتە (326)... [8]
لە "مجمع الفصحاء"دا هاتووە؛ بابا تاهیر بەر لە ساڵی 410ی هیجری، کۆچی کردووە... [9]
مامۆستا "علاءالدین سجادی"یش ئەو چوارینەیەی بە پێی گوتارەکەی میرزا مەهدی خان بۆ هەمان مەبەست هێناوەتەوە و پاشانیش مامۆستا دەفەرموێت: شیعرەکە مەتەڵێکی گرانە... [10]
د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ئەم دوو بەیتە نهێنی و موعەممایەکی زۆری تێدایە، یەکێکە لە شیعرە داخراوەکانی ئەدەبی کوردی [11] و دوای ئەوەش بە پێی بۆچوونی خۆی شیعرەکە لێکدەداتەوە.
بە بۆچونی من ئەم چوارینەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیرەوە نییە. ئەو لێکدانەوەیەی میرزا مەهدی خانی کەوکەب کە دەڵێت گوایە بابا تاهیر لە ساڵی 326ی هجری قەمەری هاتبێتە دنیاوە دوورە لە ڕاستییەوە، ئەویش

لەبەر ئەوەی بابا تاهیر یەکێک بووە لە گەورەپیاوانی یارسان و لە یارانی موبارەک شای لوڕستانی بووە کە بە شاخۆشین ناسراوە، بۆیە دەبێت لە هەمان دەور و زەماندا ژیابێت کە شاخۆشین ژیاوە. لە پەڕاوی کورتەی (سەرەنجام)دا هاتووە کە شاخۆشین لە ساڵی 406ی کۆچی لە لوڕستان لە دایک بووە و لە ساڵی 467 دا لە تەمەنی 61 ساڵی جیهانی بەجێهێشتووە[12]. ئەگەر ئەوەش بگرینە بەر چاو کە سەفەری توغرول بەگ بۆ هەمەدان لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا بووە، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە دەستنیشانکردنی دوروبەری ساڵی 390ی کۆچی بۆ ساڵی لەدایکبوونی بابا تاهیر و 450ی کۆچی بە ساڵی کۆچکردنی لە ڕاستییەوە نزیک بێت [13]. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونەمان پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە فاتمە لوڕەی گۆران کە دڵخوازی بابا تاهیر بووە، ئەویش لە سەدەی پێنجەمدا ژیاوە [14]. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بابا تاهیر دەبێت لە کۆتایی سەدەی چوارەم لەدایک بووبێت و لە سەدەی پێنجەمدا ژیابێت. چاوپێکەوتنی ئەو لەگەل توغرول بەگدا دەبێت لە زەمانی پیرییدا بووبێت.

## ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان

لەبەر ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئەوەندە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانداریی بابا تاهیر نەکراوە، دەتوانین بە پشتبەستن بە چوارینەکانی خۆی هەندێک زانیاریمان دەستکەوێت.

باوکی بابا تاهیر ناوی "فەرەیدوون" بووە، هەر وەک لەم چوارینەیەدا بۆمان دەردەکەوێت:

**عزیزا مردی از نامرد نائی**
**فغان و ناله از بیدرد نائی**
**حقیقت بشنو از پور فریدون**
**که شعله از تنور سرد نائی**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"ئازیزم مەردی لە نامەرد نایە**
**فریاد و ناڵە لە بێدەرد نایە**
**ڕاستی لە کوڕی فەرەیدوون بشنەو**
**بڵێسە لە تەنووری سارد نایە"**

مەبەست ئەوەیە کە پیاوەتی لە ناپیاو ناوەشێتەوە، یان چاوەڕوان ناکرێت؛ هەر وەک ئەوەی فریاد و ناڵە لە کەسێکی بێدەرد و بێئازارەوە نایەت. لە کوڕی فەرەیدوونەوە گوێ لە ڕاستی بگرە، کە بڵێسەی ئاگر لە تەنووری ساردەوە هەڵناسێت (نایەت). واتە چاوەڕێی کارێک مەکە لە کەسێکەوە کە شیاوی ئەنجامدانی ئەو کارە نەبێت.

هەروەها بابا تاهیر کوڕێکیشی هەبووە بە ناوی "فەرەیدوون"ەوە. کاتێک فەرەیدوونی کوڕی دەمرێت لە لاواندنەوەی ئەودا ڕوو دەکاتە فاتمە لوڕە و دەڵێت:

**بوره کز دیده جیحونی بسازیم**
**بوره لیلی و مجنونی بسازیم**
**فریدون عزیز از دست مو رفت**
**بوره از نو فریدونی بسازیم**

**کوردییەکەی:**

"**وەرە لە چاوان جەیحوونێ سازکەین** [15]
**وەرە لەیلا و مەجنوونێ سازکەین**
**فەرەیدوونی ئازیز لە دەستمان چوو**
**وەرە لە نوێ فەرەیدوونێ سازکەین**"

د.محمد نوری عارف لە گوتارەکەی خۆیدا، هەردوو چوارینەی وەک بەڵگە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کە باوکی بابا تاهیر ناوی فەرەیدوون بووبێت [16]، بەڵام ڕاستی لەوەدایە کە چوارینەی یەکەم باسی باوکی دەکات و چوارینەی دووەم باسی کوڕەکەی دەکات. هەروەها بە پێی دەفتەری یاری، عالی قەلەندەر کە دۆنی بابا تاهیر بووە، کاتێ باسی دۆناودۆنی خۆی دەکات، دەڵێت:

**گەردی دوونادوون، گەردی دوونادوون**
**مەبۆ بوانیم گەردی دوونادوون**
**ئامایم دوون وە دوون بێگاندیم ئەو شوون**
**ئیرەج بێیانم پوورەی فەرەیدوون** [17]

واتە کاتێک من لە دۆنی ئیرەج بووم ئەو دەم کوڕی فەرەیدوون بووم، کەوابوو بە پیی دۆناودۆنیش ناوی باوکی بابا تاهیر (لە دۆنی ئیرەجدا) فەرەیدوون بووە. بۆ ئەوەی بە پێی دۆناودۆن بیسەلمێنین کە عالی قەلەندەر بابا تاهیر بووە ئەم بەڵگەیە دەهێنینەوە:

عالی قەلەندەر مەرەمۆ:

**شام بی وە مێهمان، شام بی وە مێهمان**
**عالینان عالی "شا"م بی وە مێهمان**
**چەنی نۆهسەد دە باشی قەلەندەران**
**بابا تاهیر بیم مەردی هەمەدان [18]**

## زمانی چوارینەکان

چوارینەکانی بابا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر بە ڕوونی مۆرکی زاراوەی لوڕیی پێوە دیارە، بەڵام چونکە زۆربەی جار لە لایەن کەسانێک نووسراونەتەوە و پارێزراون کە خۆیان نە لوڕ نە کورد بوون، بە کەیفی خۆیان بە ناوی ڕاستکردنەوە دەستکاریی چوارینەکانیان کردووە و مۆرکی زاراوەی لوڕییان تا ڕادەیەک لێ سڕیوەتەوە، ئەمەش بە تەواوی دەردەکەوێت کە دەبینین ئیدی زۆربەی چوارینەکان بەلای زمانی فارسیدا سەنگەلا دەبنەوە وەک لە زمانی کوردی. یەکێک لەو کەسانەی کە ئەم کارەی کردووە (وەحید دەستگردی)یە کە بە زانای ناودار وەسف دەکرێت، ئەم زانایە لە هەر کوێیەک لە چوارینەکان حاڵی نەبووبێت وای دەستکاری کردووە کە فارسێک لێی تێبگات، بەڵام پێویستە بگوترێت لەبەر ئەوەی ئەو نوسخەیەمان لەبەر دەستدا نییە کە وەحید دەستگردی ڕاستیکردووەتەوە، نازانین قەوارەی دەستکارییەکە چەندە. هەروەها کەسێکی دیکە بە ناوی (مهدی الهی قمشەای) ئەویش ئەم کارەی کردووە، کە بە ئاشکرا لەسەر هەردوو دیوان نووسراوە ڕاستکردنەوەی فڵانە کەس. دیسانیش دەکرێت وەک زۆربەی هەرە زۆری دەفتەرەکانی یارسان، چوارینەکانی بابا تاهیریش لە لایەن کەسانی نیمچە خوێنەوارەوە نووسرابنەوە و ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی هەڵەی ڕێنووس و تێنەگەیشتنی لێبکەوێتەوە و لە ئەنجامدا دەستکاریکردنی چوارینەکان، کە سەرەنجام چێژ و تام مۆرکی زمانەکەی لەدەست بدات، هەروەها بیر و فەلسەفەی بابە تاهیر لەم نێوانەدا زەرەرمەند بێت. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش زۆربەی چوارینەکان سەرەڕای دەستکاریکردنیان تا ڕادەیەکی زۆر مۆرکی زاراوەی لوڕییان پێوە دیارە، بۆ نموونە:

**دلی دیرم ز عشقت گیج و ویجه**
**مژه بر هم زنم خوناوه ریجه**

**دل عاشق مثال چوب تر بی**
**سری سوجه سری خوناوه ریجه**

تێبینی بکەن، جگە لەوەی زمانی چوارینەکە بە ئاشکرا دیارە، دەکرێت بگوتریت زۆربەی وشەکان لە زاراوەکانی دیکەن زمانی کوردیشدا هەن، جگە لە دوو وشەی (عشق و مثال) کە ئەمانەش عەرەبین نەک فارسی.

## پەیوەندیی بابا تاهیر بە یارسانەوە

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هاتووە: دڵخوازەکەی ناوی (فاتمە لیرە) بووە، هەروەها مامۆستا علاءالدین سجادی لە دکتۆر سەعید خانەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: " پیاوێکی گاوری کورد ئەڵێ: کە بابە تاهیر چەند شیعرێکی بە شێوەی گۆرانیی پەتی داناوە و ناردوویە بۆ (حەقە)ەکان بۆ ئەوەی کە لە بیروباوەڕی یەک بگەن و ئەوانیش بخاتە سەر ئەو ڕێگەیە کە خۆی لەسەر بووە". مامۆستا سجادی لە پەراوێزی ئەم نەقڵەشدا نووسیویەتی: ئاشنایەتیی بابە تاهیر لەگەڵ "حەق"ەکاندا ئەوە بووە کە ئەوان بابە تاهیریان بە فریشتەی چوارەمی "خشین" داناوە کە لە لوڕستان بووە؛ چونکە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی حەقە لە پێشا لە لوڕستان و پاشان بۆ نزیکی سیروان ئنجا لە ئازربایجان بووە، من لام وایە ئەم باوەڕی "حەقان"ەی "شەدەڵە" لقێکە لە حەقەکانی سیروان... [19]

ئەم قسەیەی مامۆستا علاءالدین سجادی بەشێکی زۆری ڕاستیی تێدایە، بەڵام هەندێکیش تێکەڵی کە پێویستە ڕاست بکرێتەوە. بەپێی دەفتەرەکانی یاری[20]، بابا تاهیر و فاتمە لوڕەی گۆران (نەک فاتمە لیرە) دوو ناوداری یارسانن، بەڵام یارسانییەکان "حەقە" نین، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان دەگوترێت: ئەهلی حەق، حەق لێرە بە مانای خودا دێت، واتە یارانی خودا، کە دیسانەوە بەرامبەر بە یارانی سان دێتەوە، سان دەکرێت کورتکراوەی سوڵتان بێت و ئەمەی دوایی یەکێکە لە ناوەکانی ئێزدان. ئەم تایفەیە لە باشووری کوردستان بە "کاکەیی" ناسراون، بەڵام یارسان وشەیەکی ناوکۆیی یە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە فەلسەفەی ئەم ئایینە هەیە. هەروەها بابا تاهیر (خۆشین) ـە "نەک خشین"[21]، چونکە خۆشین زاتێکی ئێزدانیی هەبووە و فریشتەی چوارەم نەبووە. یەکێک لە سەربەندەکانی چەپ و دەس[22] ئەمەیە:

**یا "شا" شیرین بای، شیرینم کەردەنی**

**نە پایٚ شندروێ، فەیزم دادەنی**
**دینم دینەن، شام خۆشینەن**

بۆ لابردنی گومان، پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە بابا تاهیر فریشتەی چوارەم نەبووە، فریشتەی چوارەم کە فریشتەی مەرگە لەلای یارسانییەکان "مستەفا داودان"ە.. [23]

## ئەی بابا تاهیر کێ بووە؟

بابا تاهیر کە باس لە دۆناودۆنی خۆی دەکات بۆ شاخۆشین، دەفەرموێت:

**تو بودی در آن وقت بر دون یا**
**بدم من یقیق آندم ای کبریا**
**در اینجا که تو نام داری خۆشین**
**منم طاهر ایا شاه دین.. [24]**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**ئەو کاتەی کە تۆ بووی لە دۆنی "یا"**
**دۆنی "یەقیق" بووم لەو دەمە ئەی شا**
**ئا لێرە کە تۆ ناوت "خۆشین"ە**
**ناوم "تاهیر"ە، ئەی شای ئەم دینە**

دیسانیش لە جێگایەکی دیکەدا بە شاخۆشین دەڵێت:

**یا شا! مهر تو را چه چاره کنم**
**ناید روزی که مهرت ز دل آواره کنم**
**اگر بعد سیصد سال بر سر قبرم گذری**
**بوی وصالت به من رسد کفن پاره کنم..** [25]

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**ئەی شا، خۆشەویستیی تۆ چۆن چارە بکەم**
**ڕۆژێ نایەت خۆشەویستیت لە دڵ ئاوارە بکەم**
**گەر دوای سێسەدساڵ بەسەر گۆڕەکەمدا گوزەر کەی**
**بۆنی ژوانت بمگاتێ، کفنەکەم پارچە دەکەم**

***<u>بۆچی سێسەد ساڵ؟</u>*** چونکە شاخۆشین بۆ تاقیکردنەوەی یارانی، خۆی نوقمی ڕوباری گاماسب (هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) دەکات و ئیدی غەیب دەبێت.

لە کلامی نرکەی شاهەنشاهدا هاتووە:

**"مێرد ئازمایش کەرد، شی وە مەعزاو**
**یا میهسەناو یان مەسەناو یا ماسەناو" .. [26]**

ئیدی (شا خۆشین) سرِ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت: ***سێسەد ساڵ سر.***
لە کلامی یاریدا هاتووە:

**ئەو کۆی هەورامان**
**بارگەی "شا"م وەستەن ئەو کۆی هەورامان**
**زات خودایی قانیع غولامان**
**سیسەد ساڵ سرِ بی کەس وە پێش نەزان .. [27]**

کەواتە پاش سێسەد سال ئەم پێشبینی و ئاواتەی بابا تاهیر دێتە دی، شاخۆشین لە دۆنی "سوڵتان سهاک" کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی بووە، پەیدا دەبێت و ئایینی یاری نۆژەن دەکاتەوە[28]. بابا تاهیریش کفنەکەی خۆی دەدرێت و لە دۆنی بابا یادگار پەیدا دەبێتەوە:

**دگر غسل الدین بود ابرام شاه**
**دگر طاهرا یادگارست بجا.. [29]**

**کوردییەکەی:**

**هەروا غەسلەدین شا عەلەمدار بوو**
**هەروەها تاهیر بابا یادگار بوو.. [30]**

کەواتە لە دەورەی سوڵتان سهاکدا؛ بابا تاهیر لە دۆنی بابا یادگار بووە و بابا یادگاریش یەکێکە لە هەفتەن[31]، زاتێکی گەورەی خاوەن کەرامات و یەکێک لە یارە خۆشەویستەکانی سوڵتان سهاک و لە لایەن ئەمەوە خەڵاتکراو:

**بەرگ خودرەنگی یادگار پۆشا**
**غولامان دیشان (شاه) پەنەش بەخشا**
**بەرگ خودرەنگی کەرد وە خەلاتش**
**کورد و کوردستان دا وە بەراتش.. [32]**

## لێکدانەوەی چوارینەکان

***دەتوانین چوارینەکانی بابا تاهیر بکەینەوە دوو بەشەوە:***

یەکەمیان شیعرە باتنییەکانی بابا تاهیرن کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئایینی یارسانەوە هەیە و بە مەبەستی بنیاتنان و دەمەزراندنی ئەم ئایینە (لە دەورەی شاخۆشیندا) گوتراون، کە بە داخەوە ئەم چوارینانە هەموویان بە ئاسانی ناکەونە دەست. دووەمیشیان چوارینە زاهیرییەکانی بابان کە زیاتر بۆ مەبەستی دنیایی گوتوونی، بەڵام لە ناواخنی ئەم چوارینانەدا زۆر جار بیروباوەڕی یارسان دەردەکەون، لە هەر شوێنێک لەم چوارینانەدا ئەو جۆرە بیروباوەڕە هەبن هەوڵ دەدەین لەگەڵ سروودەکانی یارسان بەراوردیان بکەین، یان بە پیی ئەو فەلسەفەیە لێکیان بدەینەوە.
یەکێک لەو چوارینانەی زۆری لەسەر گوتراوە و هەوڵی گەیشتن بە مەبەست و فەلسەفەکەی دراوە، ئەم چوارینە بەناوبانگەیە:

**مو آن بحرم که در ظرف آمدستم**
**چو نقطه بر سر حرف آمدستم**
**بهر ألفی ألف قدی بر آیو**
**ألف قدم که در ألف آمدستم**

بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی ئایینی یارسان دەبێت ئەم چوارینەیە بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە:

**<u>1- چوارینەکە بە کوردی:</u>**

ئا- من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم (کۆبوومەتەوە).
ب- وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم.
ج- لە هەر هەزارەیەکدا عاشقێک پەیدا بێت.
د- عاشقم لە هەزارەیەکدا پەیدا بووم.

**<u>2- مانا و مەبەستی وشەکان:</u>**

مو (من): ڕۆح، گیان، خۆشەویستی، زات، نوور، جەوهەر
ظرف: قاڵب، جەسەد، لەش، جام، جامە، تەن، دۆن
نقطە: بەرامبەر بە "مو- من"ە.
حرف: بەرامبەر بە "ظرف"ە. [33]
ألف: هەزار "هەزار ساڵ یان هەزار دۆن" [34]

ألف قد: عاشق، دڵدادە.

**3- مەبەستی چوارینەکە:**

ئا- ڕۆح "خۆشەویستی"ی من زەریایەکە لەناو جام :"قاڵب"ێکدا پەیدا بووە. هەڵبەتە ئەو ڕۆحەی بەقەد زەریایەک بێت لەناو جامێکدا جێگای نابێتەوە و ڕۆژێک دێت سەرڕێژ دەکات و جامەکە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات "لێرەدا مەبەست لە مەرگە".

مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی[35] فەرموویەتی:

***"بحر را گنجایش اندر ظرف نیست"*** [36]. واتە: ***زەریا لەناو جامدا جێگای نابێتەوە"***

ب- وەکوو خاڵ بەسەر پێتەوە پەیدا بووم، کە خال ڕۆح بە پیت دەبەخشێت "گیانی دەخاتە بەر و بەبێ خاڵ پیت قاڵبێکی سارد و سڕە و ناخوێنرێتەوە (نسببیە). ڕۆژێک دێت ئەو خاڵە پیتەکە بەجێ دەهێڵێت – دیسان مەبەست لە مەرگە -".

د.مارف خەزنەدار دەڵێت: "حەرف بەرامبەر بە زەریایە، نوختەش بەرامبەر بە قاپەکەیە. هەروەها مەبەستی لە حەرف مانای "بسم‌الله الرحمن الرحیم"ە، بەم جۆرە ئەگەر شاعیر نوختەیەک بێ لە "بسم الله" دەبێتە بەشێک لە کردگار"[37].

من پێم وا نییە حەرف زەریا بێت و نوختەش قاپ[38]، هەروەها مەبەست لە "بسم الله" نییە، چونکە بابا تاهیر گوتوویەتی: وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە هاتووم، نەک لەژێر پیت. بەلای منەوە ئەمە جیاوازە لەگەڵ گوتەکەی ئیمامی عەلی کە فەرموویەتی: ***" أنا نقطة تحت باء بسم الله"*** . [39]

ج- پێم وایە: ئەگەر لە هەر هەزار دۆنەکەی خۆمدا یەک جار ببم بە عاشق، یان ئەگەر لە هەر هەزار ساڵێکدا عاشقێک پەیدا ببێت.

د- پێم وایە: ئەوا من ئەو عاشقەم کە لەم دۆنەدا پەیدا بوم، یان ئەوا من ئەو عاشقەم کە لەم هەزار ساڵەدا پەیدا بووم.

دکتۆر مارف فەرموویەتی: لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد و قامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێ. مەبەست لە ئەلفی یەکەم حەرفی "ئەلف"ە، کە نرخی "یەک"ە و دروشمی خودایە، ئەلفی دووەم قەد و قامەتی وجوودی خۆیەتی کە ئەویش لە وێنەی تیپی "ئەلف- أ"دایە، ئیتر مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لە کردگار. قەد و قامەتی وەکوو ئەلف "أ"ی من لە ئەلفی "کردگار"ەوە هاتووە. . [40]

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە بێت کە د. مارف فەرموویەتی:"لە هەر ئەلفێک پەیکەر و قەد وقامەتی وەک ئەلف پەیدا دەبێت، بە گۆڕینی ئەلفی یەکەم بۆ "خودا" و ئەلفی دووەم بۆ "من" وای لێ دێت:

"لە هەر خودایەک پەیکەر و قەد وقامەتی وەک من پەیدا دەبێت". بەڵام بابا تاهیر

باوەڕی بە یەکخودایی هەبووە، بۆیە ناکرێت بگوترێت لە هەر خودایەک. [41]

بابا تاهر سۆفییەکی خواناسی هەردەوێڵ بووە. عیشقێکی ئێزدانی سەر تا پای داگرتووە. ئەم عیشقە وای لێ کردووە لە ملْک و ماڵ و سامان و دارایی دونیا خۆی بێبەش بکات، کە یارسانییەکان بەم شتانە دەڵێن "جیفەی دونیا"، جا هەرچەندە مرۆڤی ئێزدانپەرست و سۆفی لە جیفەی دونیا خۆی دوور بخاتەوە، هێندە لە ئێزدان نزیک دەبێتەوە:

**همایونم سر کوهم وطن بی**
**سیر عالم کرم هر جا چمن بی**
**نه خون دیرم، نه مون دیرم نه سامون**
**دم مردن پر و بال کفن بی**

**کوردییەکەی:**

**"هەڵۆیەکم لووتکەی کێوم وەتەن بی (بوو)**
**سەیری عالەم دەکەم گشتی چەمەن بی**
**نە خان دیرم نە مان دیرم نە سامان**
**دەمی مردن پەڕوباڵم کەفەن بی"**

لە ئایینی یارساندا مەبەست لە هەڵۆ بە تایبەتی هەڵۆی سپی (شاهباز) یەکێتیی بوون و زاتی لایەزالە (ئێزدان)، کە نووری ئەو دڵ و دەروونی عاریفان ڕووناک دەکاتەوە.

خاتوون دایراک (ڕەمزبار) مەرەمۆ:

**هەفتەوان چە نوور شاهباز عادڵ**
**پەی شەرت مێردان تو کەرد وە حاصڵ**

دایە ڕەمزبار بە سوڵتان سەهاک دەڵێت: ئەی خاوەندکار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیمان (شەرت)ەی لەگەڵ بەندەکانی خۆتت بەستبوون، هەفتەوانەت لە نووری خۆت خوڵقاند.

**مەبەست لە شاهبازی عادڵ، خودایە.. [42]**

جا چ هەفتەن چ هەفتەوان، مادام لە نووری ئێزدان خوڵقێنراون و ئێزدانیش هەڵۆیەکی سپییە، بۆیە بابا تاهیریش (کە یەکێکە لە هەفتەن) بۆی هەیە خۆی بە هەڵۆیەکی سپی بشوبهێنێت.. [43]

دیسانەوە لە بارەی ڕووت و ڕەجاڵیی خۆیەوە لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

**مو آن رندم که نامم بی قلندر**
**نه خوان دیرم نه مان دیرم نه لنگر**
**چو روز آیه بگردم گرد کویت**
**چو شو آیه بخشتان وانهم سر**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"من ئەو ڕەندەم کە ناوم بوو قەلەندەر**
**نا خان دیرم نە مان دیرم نە لەنگەر**
**کە ڕۆژ دادی دەگەڕیم گردی کێوت**
**کە شەو دادیّ بە خشتان دادەنێم سەر"**

بابا تاهیر کە تەرکی دونیا دەکات، بە مەبەستی ئەوەیەتی بگاتە خۆشەویستەکەی (کە ئێزدانە)، بۆیە ڕۆژ تا ئێوار بە کێوەکاندا دەگەڕێت تاکوو بیدۆزێتەوە. "واژەی کێو لە ئایینی یارساندا پایە و مەقامی بەندەگی دەگرێتەوە"... [44]
واتە بە قۆناغەکانی تەسەوفدا ڕەت دەبێت، کە بە قۆناغی داوا (طلب) دەست پێ دەکات و لە قۆناغی نیستی (فنا) تەواو دەبێت... [45]
بابا هەمیشە لە زکر و فیکری خۆشەویستەکەیدا دەبێت، هەمیشە باس و مەدح و سەنای دەکات، بەڵام هەموو ئەم شتانە بە هیچ جێگایەکی ناگەیەنن، کەسانێکی تر بەر لەو چ کەم و چ زۆر ئەو شتانەیان گوتووە و ئەمەی ئەم دەیڵێت تەنیا دووبارەکردنەوەیە. ئەمجارەیان بۆ دۆزینەوەی ئێزدان ڕووەو زەریا دەڕوات:

**چه واجم، هر چه واجم واتەشان بی**
**سخن از بیش و از کم واتەشان بی**
**بدریا مو شدم گوهر برآرم**
**هر آن گوهر که دیدم وا تەشان بی**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"چی بێژم، هەرچی بێژم گوتوویانە**
**قسە چ زۆر بێ یان کەم گوتوویانە**
**بۆ زەریا چووم تا گەوهەر دەربێنم**
**هەر ئەو گەوهەرەی دیتم بە تۆیانە (تۆ بووی)"**

***<u>واتەشان بی: گوتبوویان.</u>***
***<u>وا تەشان بی: لەگەڵ تۆیان بوو (مەبەستیان تۆ بووی).</u>***

بۆچی بابا تاهیر بەرەو زەریا دەڕوات؟ چونکە بەپێی ئاپینی یارسان یەکەم بارەگا و مەکتەبی ئێزدانی لە زەریادا بووە.
سەید براکە مەرمۆ:

**چوار مەلەک ژ نور ساخت نە جەسەی سڕ**
**وێش شی نە مەکتەب بەتن دەریای دوڕ**
**هەفتاد هەزار ساڵ نە دڵەی دوڕ بی**
**دوڕ نە تای دەریا پەروەردەی سڕ بی.. [46]**

ئەی بۆچی لە زەریادا بە دوای دوڕ (گەوهەر)دا دەگەڕێت؟ چونکە ماوای خاوەندکار کاتێ لە دۆنی "یا" بووە، لەناو دوڕدا بووە:
دەروێش قولی کرندی مەرەمۆ:

**وە دۆن "یا" بی، وە دۆن "یا" بی**
**ئەوسا پادشام وە دۆن "یا" بی**
**ماواش نە دوڕ بی، دوڕ نە دەریا بی**
**نە یار نە یاوەر، تاک و تەنیا بی .. [47]**

هەر ئەو کاتەش کە ئێزدان لە دۆنی "یا" بوو، لەگەڵ هەفتەندا بیابەسی (بەیعەت بەستن - پەیمان)ی ئەزەلیی خاوەندکاری بڕیار دا. ئەو کاتە بابا تاهیر لە دۆنی یەقیق بوو، جا سەیر نییە ئێستاکە جارێکی دی بابا بەرەو زەریا بڕواتەوە و بە دوای "یا"دا بگەڕی تا بیدۆزێتەوە.
دوای ئەوەی بابا تاهیر ئێزدان دەدۆزێتەوە، ئیدی بۆی دەردەکەوێت کە ماوای ئەو تەنیا زەریا نییە، بگرە ئەو لە سارا و کێو و دەشت و هەموو شت و شوێنێکدا هەیە. ئەو خۆشەویستییەکە لە هەموو شتێکدا بەدی دەکرێت، ئەو عیشقێکە لە هەر زەڕەیەکدا هەیە:

**بصحرا بنگرم، صحرا تە وینم**
**بدریا بنگرم، دریا تە وینم**
**بهرجا بنگرم، کوە و در و دشت**
**نشان از قامت رعنا تە وینم**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"دەنۆڕمە سارا، سارا تۆ دەبینم**
**دەنۆڕمە زەریا، زەریا تۆ دەبینم**

**هەرکوێ دەنۆڕم کێو و دەر و دەشت**
**نیشانەی باڵای ڕەعنای تۆ دەبینم"**

ئیدی لە خۆشیی ئەوەی بابا خۆشەویستەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، لە چاوی ئەو بادەی مەی نۆش دەکات. هەر بۆیە لە تاریکیی شەوی تاردا و لە ڕێگای پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی حەقپەرستیدا ئەم مەستە و سەرخۆش. مەستی عیشقێکی ئێزدانییە کە هیچ شتێکی دی جێگای پێ لەق ناکات، تەنانەت ئەگەرچی کۆسپ و تەگەرە بادەی عیشقەکەی لەدەست بخەن، بەڵام بادە ناشکێت، چونکە ئەم هیچ گومانێکی بەرامبەر بە مەعشووقەکەی نییە و ئامادەیە لە پێناوی ئەو خۆشەویستییەدا هەموو جۆرە ناخۆشی و زەحمەتێک قەبووڵ بکات، ئەگەر نا خەڵکی دیکە چونکە بێسەبر و تەحەمووڵ بوون و خۆشەویستییان ڕەگی قووڵی نەبوو، بادەی مەی هەر لە دەستیاندا شکا بەبێ ئەوەی بشکەوێت:

**شب تاریک و سنگستان و مو مست**
**قدح از دست مو افتاد و نشکست**
**نگه دارنده‌اش نیکو نگهداشت**
**وگرنه صد قدح نفتاده بشکست**

**کوردییەکەی:**

**" شەو تاریک و بەردستانە و من مەست**
**بادە لە دەستم کەوت و نەشکەست**
**چاودێڕەکەی چاکی چاو لێ بوو**
**وەگەر نا سەد بادەی نەکەوتوو شکەست"**

ئەم پیاڵە (بادە)ی مەیە، پیاڵەی ڕەحمەتە کە هەموو ئەوانەی بڕوایان بە ئایینە یارسان هەیە بۆیان هەیە نۆشی بکەن؛ هەروەکوو بابا ناووس دەفەرموێ:

**پیاڵەی ڕەحمەتم واردەن، نەواردەن شەراو**
**کاوەی مێرد "جەم"ەن مەلای وە مەحراو [48]**

هەر بۆیەش ئەم مەستییە مەستیی مەی نییە، بەڵکوو مەستیی عیشقێکی ئێزدانییە: شاخۆشین مەرەمۆ:

**مستم ز خرابات ولی از می نه**
**نقلم همه نقلست حریفم شیئ نه [49]**

" مەستی بادەی یەکبوونم نە مەستی مەی. مەزەی ئەم مەستییەی من ئەو قسانەن کە دەیانکەم و حەریفەکەم هیچی پێ نییە".
بابا تاهیر بە هۆی تاعەتەوە هەمیشە لەگەڵ دڵدارەکەی ژووانی هەیە. ئەگەر ئێوارەیەک غافڵ بێت و پێی نەکرێت بچێتە خزمەتی، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەوانەی ئەو ئێوارەیە لە تاعەت غافڵ نەبوون و دەچێتە زیارەتی ئەوان:

**خوشا آنان کە هر شامان تە وینند**
**سخن واتە کرن واتە نشینند**
**گرم دسرس نبی آیم تە وینم**
**بشم آنان بوینم کە تە وینند**

**<u>کوردییەکەی</u>:**

**"خۆزگەم بەوانەی هەر شامێ دەتبینن**
**قسەت لەگەڵ دەکەن و هاونشینن**
**گەر دەسڕەسم نەبوو بێم و بتبینم**
**دەچمە خزمەتی ئەوانەی دەتبینن"**

د.مارف خەزنەدار پیی وایە کە بابا تاهیر لێرەدا جارێ نەگەیشتووەتە ویساڵی مەعشووقەکەی، بۆیە بە ناڕاستەوخۆ ئاواتەخوازە بیگاتێ لە ڕێگای کەسانێکی ترەوە کە بە ویساڵ گەیشتوون[50]. بەڵام بابا خۆزگە بەوانە دەبات کە هەر ئێوارەیەک مەعشووق دەبینن، واتە ئەمیش دەیبینێت بەڵام هەندێ جار دەستی ناگات بچێتە خزمەتی، بۆیە دەچێتە خزمەتی ئەوانەی کە لە چوونەخزمەت غافڵ نەبوون.
پاش دۆزینەوەی مەعشووق و نۆشکردنی جامی مەی و سەردانی دەمەوئێواران، نەختە نەختە بابا خوو و ڕەوشت و خەسڵەتەکانی خۆی دادەماڵێت و بە خەسڵەت و سیفەتەکانی ئەو خوو دەگرێت و دەگاتە دواپلەی سۆفیگەری کە قۆناخی نیستی (فەنا)یە و ئیدی لەبۆی جودا ناکرێتەوە کە عاشق کییە و مەعشووق کییە:

**اگر دل دلبر و دلبر کدام است**
**وگر دلبر دل بو دل را چە نام است**
**دل و دلبر بهم آمیتە وینم**
**نزونم دل کە و دلبر کدام است**

**<u>کوردییەکەی</u>:**

**"گەر دڵ دڵبەر بێ، ئەی دڵبەر کییە**
**گەر دڵبەر دڵ بێ، دڵ لە کام جێیە (ناوی چییە)**
**هەم دڵ هەم دڵبەر، ئامێتەی یەکن**
**نازانم دڵ کام و دڵبەریش کێیە"**

سۆفییەکی ڕێگای ڕاستان، ڕێگای یارسان، بۆ ئەوەی ڕێگای یاری بباتە سەر و لە دەفتەری یاراندا تۆمار بکرێت، پێویستە بگاتە ئەم قۆناغی نستییەی بابا تاهیر پێی گەیشتووە. یەکێک لە پیرانی یارسان فەرموویەتی:

**نیستان و نیستی ڕاشان بەرد وە سەر**
**هەستان کەی مەلان وە سەبت دەفتەر [51]**

یەکێک لەو چوار کۆڵەکەیەی ئایینی یارسانی لەسەر دامەزراوە نابودکردنی غورووڕ، لووتبەرزیی، خۆبەزلزانینن، خۆپەسەندکردن و هەوا و هەوەسی نەفسانییە، بۆ ئەوەی سەرەنجام مرۆڤ خۆی ئامادە و تەیار بکات تاکوو بوونی ئەم ئامێتەی بوونی ئێزدان بێت، واتە لەناو ئێزداندا فانی بێت (بگاتە قۆناخی نیستی).
لە دەفتەری یاریدا هاتووە، هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد:

**یاری چار چێوەن باوەری وە جا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا** [52]

گەیشتن بە قۆناخی نیستی ئاوات و ئامانجی هەموو سۆفییەکە. حافزی شیرازی**[53]** دەڵێت:

**میان عاشق و معشوق هیچ حایل نیست**
**تو خود حجاب خودی حافظ از میان برخیز**[54]

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"لە نێوان عاشق و مەعشووقدا هیچ پەردەیەک نییە**
**تۆ خۆت ئەو پەردەیەی حافز، لەو بەینە لاچۆ"**

واتە مەبەستی حافز ئەوەیە کە ئەو پەردەیە لاببات و بگاتە مەعشووقەکەی، جار ئەگەر پەردەکە خودی حافز بێت، پێویستە حافز بگاتە نیستی. بابا تاهیر توانیویەتی ئەو پەردەیە لا ببات و لەگەڵ مەعشووقەکەی ببێتە یەک، تا ئەو ڕادەیەی ئیدی بۆی جودا نەکرێتەوە کە عاشق کێیە و مەعشووق کێیە.

***<u>"حوسێن بن مەنسوور ئەلحەلاج" فەرموویەتی:</u>***

**"حقیقة المحبة قیامک مع محبوبک بخلع أوصافک و الأتصاف بأوصافه"** [55]

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"عیشقی ڕاستەقینە ئەوەیە کە سیفەتەکانی خۆت دامالیت و بە سیفەتەکانی مەعشووقەکەت خوو بگریت".**

جا کە سۆفی گەیشتە قۆناخی نیستی و بوونی ئەم ئاوێتەی بوونی ئێزدان بوو و ئێزدانیش نهێنییە، بۆیە ئەمیش دەبێتە بەشێک لەو نهێنییە کە نابێت بدرکێنرێت. ئەمە لە ئایینی یارساندا پیی دەڵێن: "سرِ کەسنەزان". ئەم نهێنییە بە لای سۆفییەکەوە ڕازی دڵە کە جگە لە خاوەن دڵان کەسی تر پێی نازانێت، یان بۆ کەسێکی تر باس ناکرێت. ڕازی دڵی یاران سووتان و توانەوەیە لەناو خۆشەویستیدا، ئەگەر سەرەتا بابا تاهیر ئەم ڕازەی بۆ خەڵکی تر گێڕابێتەوە، سەرەنجام وا کەوتووەتەوە کە لەم چوارینەیەدا باسی دەکات:

**نمیدانم کە رازم وا کە واژم**
**غم سوز و گدازم را کە واژم**
**چە واژم هر کە ذونە بنگرە فاش**
**دگر راز و نیازم وا کە واژم**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"نازانم کە من ڕازم بە کێ بێژم**
**خەمی سووتانی دڵم بە کێ بێژم**
**چ بێژم هەرکێ زانیی فاشی دەکا (ئاشکرای دەکات)**
**ئیدی ڕاز و نیازم بە کێ بێژم"**

جا بۆ ئەوی ئەم ڕازی دڵە هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، دەبێت سرِێک بێت و تەنها لە دڵی یاراندا بپارێزرێت. ئەم نهێنییە بە لای یارسانەکانەوە هێندە پیرۆزە کە لە کۆبوونەوە ئاییەنییەکاندا سوێندی پێ دەخورێت یان پەنای بۆ دەبرێت؛ بۆ نموونە لە کاتی پەنابردندا دەگوترێت: "یا سرِ سینەی یار". جا ئەگەر بابا تاهیر ڕازی دڵی خۆیی لەلای غەیری خاوەن دڵان باس کردبێت و پاشان ڕازەکە فاش کرابێت، حەقی خۆیەتی ئیدی ئەو ڕاز و نیازەی خۆی بە کەس نەڵێت:

**بکس درد دل مو واتنی نە**
**کە سنگ از آسمون انداتنی نە**
**بمو واجن ترک یار خود کە**
**کسیس یارم کە ترکش واتنی نە**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"بە کەس ڕازی دڵم گوتەنی نییە**

**بەرد لە ئاسمانەوە کەوتەنی نییە**
**پێم دەبێژن تەرکی یاری خۆت بکە**
**کەسێکە یارم تەرک کردەنی نییە"**
***"واتنی نە"ی دووەم: مەبەست لە وەیە کە ناکرێت.***

نەدرکاندنی نهێنیی دڵ لەلای سۆفییەکان باو بووە، مەنسووری حەللاج فەرموویەتی:

**"أسرارنا بكر لا يخطر فيها إلا خاطر الحق". [56]**
**واتە: نهێنییەکانی ئێمە (وەکوو کچێکی) باکرەن، جگە لە ئەندێشەی حەق شتێکی تر ڕێگایان پێ نابات.**

حافیزی شیرازی فەرموویەتی:

**مصلحت نیست که از پرده برون افتد راز**
**ورنه در مجلس رندان خبری نیست که نیست. [57]**

**کوردییەکەی:**

**"مەسڵەحەت نییە لە پەردەوە ڕاز بچێتە دەرێ**
**وەگەرنا لە مەجلیسی ڕەندان چ باسێ نامێنێ"**

بەپێی ئایینی یارسان، کەسانێ کە مرۆڤی ڕاستیپەرست بن و هیوای دیداری حەق لە دڵیاندا بێت و عاشقی ڕێی ڕاستی بن، پێویستە لەسەریان هەر دەرد و بەڵایەک کە لەو ڕێگایەدا تووشیان دەبێت قبووڵی بکەن و مرۆڤی یارسانی دەبێ بەڵاکێش بێت.

سوڵتان سەهاک فەرموویەتی:

**پیره بلاکش**
**گر مرد لقائی بیا بلا کش**
**مرد بی بلا مرد لقا نیست[58]**

جا بابا تاهیریش کە دۆنی باوە یادگارە و عاشقی ڕێی ڕاستییە، پێویستە لەسەری وەکوو هەر مرۆڤێکی ڕاستیپەرست تاڵی و سوێری و سەختیی ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە، قبوول بکات:

**عاشق اون بی که دایم در بلا بی**
**ایوب آسا بکرمون مبتلا بی**
**حسن آسا بنوشه کاسهء زهر**
**حسین اسا شهید کربلا بی**

**کوردییەکەی:**

**"عاشق کەسێکە دایم لە بەڵا بێ**
**ئەیووب ئاسا بە کرمان موبتەلا بێ**
**حەسەن ئاسا بنۆشێ جامی زەهر**
**حوسێن ئاسا شەهیدی کەربەلا بێ" [59]**

هەر دەربارەی سەختی ژیانی یارانی حەق، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ شاخۆشین بابا تاهیر باسی عشقی خۆیی بۆ دەکات و دەفەرموێت:

**هر کس شاهش تویی حالش همینه**
**سرینش خشت و بالینش زمینه**
**جرمم اینست که تو را دوست دیرم**
**هر آن که یارش تویی حالش چنینه[60]**

بەڵام هەموو کەسێک عاشق نییە و ئامادە نییە تاڵی و سوێری بچێژێت و ڕێگای سەخت بگرێتە بەر، بگرە هەندێک نە تەنیا ئەو ئامادەگییەیان تێدا نییە، بەڵکوو بێئەمریش دەکەن. بێئەمرییەک تا ئەو ڕادەیەی بابا تاهیر نائومێد بکات و وەکوو مرۆڤێکیش خۆی بە هاوبەشی ئەو خەڵکە مەعسییەتکارە بزانێت. تەنانەت بابا تاهیر هیچ ئومێدێکیشی نەبێت لەوەی کە ئەو خەڵکە بەشی ئەوەیان پێوە مابێت ڕێگای چەوت بەردەن و ڕێگای ڕاست هەڵبژێرننەوە:

**از آن روزی مارا آفریدی**
**بغیر از معصیت چیزی ندیدی**
**خداوندا بحق هشت و چارت**
**زمو بگذر شتر دیدی نەدیدی**

**کوردییەکەی:**

**"لەو ڕۆژەی ڕا کە ئێمەت هێنایە دی**
**بێ لە بێئەمری هیچت لێمان نەدی**
**خودایە بۆ خاتری هەشت و چوارت**
**لێمان گەڕی حوشترت دیت و نەدی" [61]**

لێرەدا بابا تاهیر لە ئێزدان دەپاڕێتەوە کە لەبەر خاتری هەشت و چوار لەو خەڵکە گوناهکارە خۆش بێت و لییان گەڕی وەکوو ئەوەی هیچیان نەکردبێت.
باشە دەبێ ئەم هەشت و چوارە چی بێت؟ تاکو ئێستا هەموو ئەو کەسانەی ئەم

چوارینەییەیان لێکداوەتەوە، چوار و هەشتیان خستووەتە سەر یەک دوازدە ئیمامیان لێ دروست کردوون[62]. هەڵبەتە ئەگەر چوارینەکانی بابا تاهیر لە دەرەوەی کارتێکردنی فەلسەفەی یارسان لێک بدرێتەوە، ئەوە مەزەندەی زۆربەی دەچێت بە لای دوازدە ئیمامدا، بەلام خۆ بابا تاهیر ئەگەر مەبەستی لە دوازدە ئیمام بووایە دەیتوانی یەکسەر بێژێت دوازدە و ئیدی پێویستی بەو هەشت و چوارە نەدەکرد. بابا تاهیر لەبەر ئەوەی یەکێکە لە هەفتەن و دۆنی باوە یادگارە حەق وایە لەبەر تیشکی بیروباوەڕی ئایینی یارسان چوارینەکانی لێکبدرێنەوە، ئەودەم مەبەست لە هەشت: هەشت تەن دەبێت[63]، هەروەها مەبەست لە چوار: چوار تەن دەبێت[64].

واتە خوادایە لەبەر خاتری هەشت تەن و چوار تەن، لێمان ببوورە، کە هەشت تەن بریتییە لە هەفتەوانە و ئێزدان بە خۆی لە بیابەسی ساجناریدا[65]. هەروەها چوار تەن بریتییە لە چوار مەلەک (مەلائیکە)، کە بابا تاهیر خۆی یەکێکە لە چوار تەن لە دەورەی شاخۆشیندا، چوارتەنیش بازنەیەکی ناو هەفتەنە.

لایەنێکی دیکەی چوارینەکانی بابا تاهیر سکالایە لە دەستی نایەکسانیی باری ژیانی خەڵک. بابا نارەزایی خۆی بەرامبەر چەرخی گەردوون دەردەبڕێت کە سامان و دارایی بە شێوەیەکی ناعادیلانە بەسەر خەڵکدا دابەش کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هێندێک لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بژین و هێندێکیش ژیانی کولەمەرگی بەرنە سەر. بابا تاهیر ئەم نارەزاییەی خۆی یەکسەر ڕووبەڕووی ئێزدان دەکاتەوە:

**اگر دستم رسد بر چرخ گردون**
**از او پرسم که این چونست و آن چون**
**یکی را دادهء صد گونه نعمت**
**یکی را قرص جو آلوده در خون**

**کوردییەکەی:**

**"گەر دەستم دەگا بە چەرخی گەردوون (ئاسمان، خودا)**
**لێی دەپرسم کە ئەم چۆنە و ئەو چوون (چۆن)**
**بە کەسێکت داوە سەد جۆرە نیعمەت**
**بە کەسێ نانی جۆ ئالوودە بە خوون (خوێن)**

واتە ئەوەی نانە جۆکەی پەیدا کردووە، خوێنی بۆ ڕشتووە و بۆ دابینکردنی خۆی

بۆ ماندوو کردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی ملْک و سامانی و دارایی فرەیان هەیە و لە ناز و نیعمەتدا دەژین، بە خۆڕایی ئەو سامانە و داراییەیان دەست کەوتووە، وەگەرنا دەبووایە بۆ پەیداکردنی نانێکی جۆ ئەوانیش خوێنی جگەریان بڕشتایە. لە کۆتاییدا وا دەکەوێتەوە کە خۆشگوزەرێنەران ڕەنجی هەژارانیان دزیوە. ئەمەشیان بەڵگەیەکە بۆ بێدادی و نارەوایی ئەو سەردەمەی بابا تاهیری تێدا ژیاوە، کە خێر و بێر بە شێوەیەکی نادروست دابەش کراون و هێندێک لەسەر حیسابی هێندێکی دیکە لە ناز و خۆشیدا ڕایانبواردووە، کە هەر وا بووە و هەر وا دەبێ [66].

هەر لەمەڕ ڕۆژگاری خۆیەوە بابا تاهیر لە چوارینەیەکی تردا سکاڵا دەکات و نارەزایی دەردەبڕێت، کە دەوران کەوتووەتە دەستی هەندێک نامەردەوە. هەڵبەتە هەر ئەوانەشن کە بوونەتە هۆی ئەو جیاوازییەی ناو چینەکان و دابەشنەکردنی دارایی بە شێوەیەکی دروست. بابا تاهیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نارەزاییەکەی خۆی بەرامبەر بە کاربەدەستان دەردەبڕێت و بە ئاشکراش دەڵێت کە ئەم چاوەڕێی دەورانێکی تر دەکات، واتە دەسەڵاتێکی دیکە کە دادپەروەر بێت، بەڵام ئەو پەیمانەی بابا دەیدات لەوە تێناپەڕیت کە ئەم دادەنیشێت و چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات، واتە ئەم بە خۆی بۆ هێنانەدیی ئەو ڕۆژە ڕۆڵێکی کاریگەر نابینێت، ڕەنگە لە سۆفییەکیش هێندەی پەیوەندیی بە لایەنی دونیاییەوە بێت چاوەڕوانیی لەوە زیاتری لێ نەکرێت.

**سرم چون گوی در میدان بگرده**
**دلم نز عهد و نز پیمان بگرده**
**اگر دوران بنامردان بمونه**
**نشینم تا دگر دوران بگرده**

**کوردییەکەی:**

**"سەرم وەک گۆیەک لە مەیدان بگەڕێ**
**دڵم بە دەور عەهد و پەیمان بگەڕێ**
**ئەگەر دەوران بۆ نامەردان بمێنێ**
**دەنیشم تا دەورانی تر بگەڕێ"**

هەرچەندە ئەم هەوڵوێستە نائەکتیڤە بۆ لابردنی کاربەدەستانی نادادپەروەر، بەڵام بابا تاهیر پەیمانی خۆی دەباتە سەر ئەگەرچی لە پێناویدا سەری خۆیشی دانابێت.

لە چەند چوارینەیەکی تردا، بابا نائومێدیی خۆی دەردەبڕێت، چ بەرامبەر بە خۆی و چ بەرامبەر بە کردگار، ڕەنگە ئەم نائومێدییە لەپاش مردنی فەرەیدوونی کوڕی تووشی بووبێت. بابا تاهیر خەم دایدەگرێت و دونیای لەبەر چاو ڕەش دەبێت:

**ز کشت خاطرم جز غم نرویو**
**ز باغم جز گل ماتم نرویو**
**ز صحرای دل بیحاصل مو**
**گیاه نـاامیدی هم نرویو**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"لە دڵمدا بێجگە لە خەم چ ناڕوێ**
**لە باخم بێ گوڵی ماتەم چ ناڕوێ**
**ل سارای دڵی بێبەری مندا**
**تەنانەت گیای نائومێدییش هەر ناڕوێ"**

بە ڕەتبوونی ڕۆژگار بابا تاهیر لەناو خەمدا قاڵ دەبێتەوە، ئیدی وا هەست دەکات کە بە بێ خەم هەڵناکات. خەمی دەبێتە هۆگر و یار و هاودەم.

**غمم غم بی و غمخوار دلم غم**
**غمم هم مونس و هم یار و همدم**
**غمم نهله که مو تنها نشینم**
**مریزا بارک الله مرحبا غم**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

**"خەمم خەم بوو، خەمخۆری دڵیشم خەم**
**خەمم هەم هۆگر و هەم یار و هاودەم**
**خەمم نەیهێشت کە من تەنیا بنیشم**
**دەستخۆش و بارەکەڵڵا، ئافەرین خەم"**

ئەم خەمەی بابا تاهیر خەمێکی ئاسایی نییە، بگرە خەمەکە بەخۆیشی خەمخۆری دڵی بابایە. ئەم خەمە هێندە بەوەفایە کە نەیهێشتووە بابا تاهیر تەنیا بمێنێتەوە، هەر بۆیەش بابا دەستخۆشیی لێ دەکات کە هێندە یارێکی بەوەفایە. خۆشبەحاڵی بابا تاهیر کە خەم هاودەمیەتی و گوێی لێ دەگرێت، حاڵی حافزی شیرازی پەریشانە کە لە چوارینەیەکی خۆیدا دەڵێت:

**نی قصهء آن شمع چگل بتوان گفت**

**نی حال دل سوختەدل بتوان گفت**
**غم در دل تنگ مو از آنست کە نیست**
**یک دوست کە با او غم دل بتوان گفت [67]**

بەڵام هەر حافز بەخۆی دەگەڕێتەوە و لە چوارینەیەکدا تردا قسەکانی بابا تاهیر دووبارە دەکاتەوە:

**من حاصل عمر خود ندارم جز غم**
**در عشق ز نیک و بد ندارم جز غم**
**یک همدم با وفا ندارم جز درد**
**یک مونس نامزد ندارم جز غم [68]**

خەمی بابا تاهیر لە ئەنجامی نائومێدییەکە تووشی بووە و وای لێ دەکات کە بیر لە بوونی مرۆڤ بکاتەوە، بۆچی دێتە ئەم دونیایە؟ بۆچی تووشی ئەم بارە ناهەموار و خەم و خەفەتە دەبێت؟ بۆچی کۆچ دەکات؟ ئەی باشتر نەبوو هەر لە سەرەتاوە نەخوڵقایە؟ بابا ڕوو دەکاتە فەلەک و دەبێژێت"

**فلک برهم زدی آخر أساسم**
**زدی بر خمرەء نیلی لباسم**
**اگر داری برات از قصد جانم**
**بکن آخر آز این دنیا أساسم**

**<u>کوردییەکەی:</u>**

"**فەلەک تێکت دا ئاخری ئەساسم**
**کێشات لە خۆمی کەوە لیباسم**
**ئەگەر نیازتە قەسدی گیانم کەی**
**دە هەڵکەنە لەم دونیایە ئەساسم**"

خوادایە تۆ هێندە جەورت لەگەڵدا کردم تا ئەو ڕادەیەی پایە و بناغەت تێکدام. هێندە تووشی نەگبەتی و بەدبەختیت کردم تاکوو جل و بەرگت لە خوم هەڵکێشام. ئەگەر دەتەوێت قەسدی گیانم بکەیت و بمکوژیت، خۆ هەر لە بناغەوە ڕەگی من (وەک مرۆڤێک) لەم دونیایە هەڵکێشە.

ئەم نارەزایی و ڕەتکردنەوەیە وا لە بابا تاهیر دەکات یاخی ببێت و ئەم یاخیبوونە وەکوو پیشەیەک لەقەڵەم دەدات و پاشان وەک گوناهـ. جا خوای دەکرد خەڵکی دی لە بێگوناهیدا دەبوونە فریشتە. ئەم ڕیشەی یاخیبوونەی دەگێڕێتەوە بۆ حەوا و

ئادەم کە ئەوانیش بێقسەیی خودایان کرد و سەرەنجام بە سێوخواردنەکە تەواو بوو و ئیدی لە بەهەشت دەرکران.

**مو آن رندم که عصیان پیشه دیرم**
**بدستی جام و دستی شیشه دیرم**
**اگر تو بیگوناهی رو ملک شو**
**مو از حوا و آدم ریشه دیرم**

**کوردییەکەی:**

**" من ئەو ڕەندەم یاخیبوون پیشە دیرم**
**بە دەستێ جام و دەستی شووشە دیرم**
**گەر تۆ بێگوناهی ببە بە مەلەک**
**من لە حەوا و ئادەم ڕا ڕیشە دیرم"**
***دیرم: هەمە***

دیارە لە قۆناخی پیریدا کە ئیدی مەرگی لێ نزیک دەبێتەوە، ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆی دەداتەوە و قۆناخی یاخیبوونی خۆی دێتەوە بەرچاو؛ ئەودەم بەم شێوەیە ئامۆژگاریی خۆی دەکات:

**مکن کاری که بر پا سنگت آیو**
**جهان به این فراخی تنگت آیو**
**چو فردا نامه خواهون نامه خواهند**
**ترا از نامه خواندن ننگت آیو**

**کوردییەکەی:**

**"مەکە کارێ کە بێتە بەر پێت سەنگ (بەرد)**
**ئەم جیهانە لەبەر چاوت ببێ تەنگ**
**سبەی داوای کردارنامەت لێ دەکەن**
**لە نامەخوێندن با تووشت نەبێ نەنگ"**

واتە هێندە خۆت گوناهبار مەکە سبەی کە ڕۆژی حیسابە، لە خوێندنەوەی کردارنامەکەت شەرم داتبگرێت.
هەر بۆیە بابا تاهیر هەوڵ دەدات هەرچیی لە توانادایە بیکات تاکو باری خۆی سووکتر بکاتەوە، چونکە ئیتر ئۆغر بەرەو خودایە و ڕۆژ ڕۆژی سزا و پاداشتە. ئەم ڕێگایەش ڕێگایەکی سەخت و دژوارە و مرۆڤ هەرچەندی پێ بکرێت بە

گوناهی کەمترەوە بچێتە بەر بارەگای ئێزدان:

**دلا راهت پر از خار و خسک بی**
**گذارت بر سر چرخ و فلک بی**
**گر أز دستت برآیه پوست أز تن**
**بر آور تا که بارت کمترک بی**

**کوردییەکەی:**

**"ئەی دڵ ڕێگات پڕ لە پێکوڵە و دڕک بی**
**گوزورگای تۆ بەسەر چەرخ و فەلەک بی**
**گەر لە دەستت دێ پێست داماڵی لە تەن**
**دایماڵە تاکو بارت کەمترەک بی"**

واتە: ئەی دڵ "ئەی بابا تاهیر" ڕێگای تۆ بەرەو خودایە، دە گوناهی خۆت هەڵوەرێنە و ئەگەر کرا پێستیشت داماڵی، بیکە؛ بەڵکوو بە بارێکی سووکترەوە بچیتە حوزووری خودا. هەر بۆیە بابا نەک هەر دەیەوێت پێست داماڵێت، بەڵکوو خۆیشی لەو خۆشەویستییە ئێزدانییەدا وا بسووتێنێت کە ئیدی مشتێ خۆڵەمێشی لێ نەمێنێت. بەم شێوەیە ئیتر خودێ چاوی پڕ لە فرمیسک و پەشیمانیی بابا تاهیریش نابینێت:

**بمیرم تا ته چشم تر نەوینی**
**شراره آه پر آذر نوینی**
**چنان از آتش عشقت بسوجم**
**که از مو رنگ خاکستر نەوینی**

**کوردییەکەی:**

**"بمرم تاکو تۆ چاوی تەڕ نەبینی**
**بڵێسەی ئاهی پڕ ئاگر نەبینی**
**وەها لە ئاگری عیشقت بسوزێم**
**کە لە من ڕەنگی خاکستەر نەبینی"**
***خاکستەر: خۆڵەمێش***

لە جێگایەکی تردا هاتووە: "کە از مو مشت خاکستر نوینی"
بەم شێوەیە بابا تاهیر وەکوو مرۆڤێکی خواناس، سۆفی و پەریشان، دەبێتە مشتێک خاک، تا لەو خاکەی ئەوەوە خەڵکێکی پەریشانی دی بخوڵقێنرێت، هەر وەکوو ئەم

بەخۆی لە بنەڕەتدا لە خاکی دڵپەریشانان خوڵقێنراوە:

**مرا نه سر نه سامان آفریدند**
**پریشانم پریشان آفریدند**
**پریشان خاطران رفتند در خاک**
**مرا از خاک ایشان آفریدند**

**کوردییەکەی:**

**" من بێ سەر و بێ سامان خوڵقێنراوم**
**پەرێشانم پەرێشان خوڵقێنراوم**
**دڵپەرێشانان چوونە ژێر خاکەوە**
**ئەمن لە خاکی ئەوان خوڵقێنراوم"**

بە پیی نووسخەکەی "وحید دستگردی" ژمارەی ئەو چوارینانەی گومانیان لێ ناکرێت و بە بەڵگەوە هی بابا تاهیرن (296) چوارینەیە. ئەوانەی گومان وایە هی ئەو نەبن [70] چوارینەن، کە لەبەر جیاوازیی دەربڕین و نەبوونی بەڵگەی پێویست گومان دەکرێت هی بابا تاهیر نەبن[69]. لە نوسخەیەکی تری دیوانەکەدا هاتووە کە ژمارەی چوارینەکان 366 چوارینەیە[70].

**تێبینی: زۆربەی چوارینەکانی بابا تاهیر لە سەرچاوەی ژمارە (2)ەوە وەرگیراون، لەلایەن نووسەری ئەم بابەتەوە خراونەتە سەر زاراوەی کرمانجیی خواروو، هەوڵێکی زۆر دراوە کە مانا و مەبەستی چوارینەکان بە ئەمانەتەوە بگوێزرێتەوە، هەروەها بەیتە فارسییەکانیش لەلایەن نووسەرە کراونەتە کوردی.**

**پەراوێزەکان**

1- سەرچاوەی ژمارە 2 لاپەڕە 12.
2- سەرچاوەی ژمارە 10 لاپەڕە 22.
3- کەرکووک بە مەڵبەندی سەرەکیی باوەڕمەندانی یارسان دادەنرێت لە بشووری کوردستان. دەکرێت بگوترێت ئەمڕۆکە ئەم شارە بووەتە پایتەختی ئەم باوەڕمەندانە.
4- سەرچاوەی ژمارە 13، لاپەڕە 329
5- لە لاپەڕە 137ی سەرچاوەی ژمارە 6دا هاتووە کە سوڵتان سهاک چووەتە دۆنی حاجی بەکتاشەوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، سوڵتان زاتمیوانی حاجی بەکتاش بووە، واتە زاتی سوڵتان لە قاڵبی حاجیدا میوان بووە. حاجی بەکتاش لە ساڵی 738ی کۆچیدا وەفاتی کردووە.
6- سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتەکانی 7832 و 7838 لاپەڕە 404 و 405
7- سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتی 10883، لاپەڕە 558
8- سەچاوەی ژمارە 1. پێشەکی، کە لە لایەن "بهمن بستان"ەوە نووسراوە.
9- سەرچاوەی ژمارە 2، پێشەکی.
10- سەرچاوەی ژمارە 3، لاپەڕە 148
11- سەرچاوەی ژمارە 4 لاپەڕە 3
12- سەرچاوەی ژمارە23 لاپەڕە 85
13- سەرچاوەی ژمارە 21 لاپەڕە 74
14- سەرچاوەی ژمارە 21 لاپەڕە 70
15- جەیحوون یان ئامو دەریا، ڕووبارێکە سەرچاوەکەی لە چیای"پامیر"ی هیندستانە و بە ئاسیای سۆڤیەتدا ڕەت دەبێت تا دەڕژێتە ناو زەریای "ئارال"ەوە. بڕوانە سەرچاوەی 19
16- سەرچاوەی ژمارە 13 لاپەڕە 329
17- سەرچاوەی ژمارە 11، لاپەڕە 198
18- سەرچاوەی ژمارە 11لاپەڕە 200
19- سەچاوەی ژمارە 3، لاپەڕەکانی 148، 149، 150
20- دەفتەری یاری: ئەو دەفتەرانەن کە پەیرەوانی یارسان سرووده ئاینییەکانی خۆیانیان تێدا تۆمار کردووە، هەروەها "کەڵام"یشیان پێ دەگوترێت.
21- خۆشین: نازناوە بۆ (موبارەک شا)ی لوڕستانی، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی لە لوڕستان پەیدا بووە و هاوچەرخی بابا تاهیر بووە. بڕوانە سەرچاوە ژمارە 10، لاپەڕە 30
22- چەپ و دەس: بازنەی زکری یارسانییەکانە، کە بە ئاوازی تەمیرە سرووده ئاینییەکانی تێدا دەگوترێتەوە.
23- مستەفا داودان: یەکێکە لە هەفتەن، کە یارانی نزیکی سوڵتان سهاک بوون:
جبریل (بنیامین)، ئیسرافیل (داود)
میکائیل (موسی)وە حوکم وەدوود

**عزرائیل (مستەفا)، حور ئەلعەین (ڕەزبار)**

**یەقیق (ئێوەتەن)، عەقیق (عەلەمدار)**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 323**

**24- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتەکانی 5653، 5677 لاپەڕە 293، 393**

**25- سەرچاوەی ژمارە 22، لاپەڕە 49**

**26- سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 195**

**27- سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 199**

**28- سوڵتان سهاک: کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیە و نۆژەنکەرەوەی ئایینی یارسانە. لە سەدەی حەوتەمی کۆچی لە بەرزنجە لەدایک بووە. پاشان لە (پردێوەر) لە ناوچەی هەورامان ژیانی بردووەتە سەر و هەر لەوێوە ئایینەکەی بڵاوکردووەتەوە. ناوی (ئیسحاق)ە و بە (شاهـ، سەهاک، سهاک، ئیساق، سەهاق، سەحاک) ناو براوە: ئەو پیر میکائیل دەودانی ماوا**

**چەنی شاهـ سەهاک، کەردە بی داوا**

**ئاواز کەرد واتش، ئەر هەی شاسەهاک**

**پەی چێش ئامانی، تو نی ماوا و خاک**

**قبووڵم نییەن تو نە پردێوەر**

**بسازی یانە، بنمانی هونەر**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 9، لاپەڕە 102، 103**

**29- سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتی 5552**

**30- لەبەر قافییەی شیعرەکە لە جیاتی ئیبراهیم (عەلەمدار)م داناوە، کە نازناوە بۆ ئیبراهیم:**

**عەلەمدار لەقەب شا ئیبراهیمەن**

**ئێوەت دۆن پێش یادگار هەنەن**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 323**

**31- هەفتەن= هەفت تەن: واتە حەوت کەس کە ئەمانەن:**

**(پیر بنیامین، داود کەوەسوار، پیر موسی، مستەفا داودان، دایە ڕەمزبار، شا ئیبراهیم عەلەمدار، بابا یادگار کە دۆنی بابا تاهیرە) سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 38، هەروەها تەماشایەکی تری پەراوێزی ژمارە 23 بکەرەوە**

**32- سەرچاوەی ژمارە 12، لاپەڕە 95**

**33- دگر ذات جوهر بود، جسم ظرف**

**کە بی ظرف جوهر نگنجد بحرف**

**بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتی ژمارە 1650**

**34- یارسانییەکان پێیان وایە کە هەر مرۆڤێک هەزار دۆن دەکات، واتە هەزار جار لەسەر زەوی پەیدا دەبێتەوە (بەر لە ڕۆژی حەشر)**

**تەمامی دونان بهر کس هزار**

**بمحشر کشند صف بروز شمار**

بۆ ئەم بەیتە فارسییە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، بەیتی ژمارە 3442

35- پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە مەولانا جەلالەددین محەمەد مەولوی (مەولانای ڕۆمی) یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان، واتە چل کەس؛ کە چل تەنان بازنەیەکە لە بازنەکانی پیاوچاکانی یارسان. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 6، لاپارە 10

36- سەچاوەی ژمارە 7، لاپەڕە 34

37- سەچاوەی ژمارە 4، لاپەڕە 3

38- بۆ دڵنیایی جارێکی تر بە بەیتی یەکەمی چوارینەکەدا دەچینەوە:

من ئەو زەریایەم لەناو جامێکدا پەیدا بووم

وەکوو خاڵ بەسەر پیتەوە پەیدا بووم

مەبەست زۆر ڕوون و ئاشکرایە: من زەریام، ئەو زەریایەش لەناو جامێکدایە. وەکوو خاڵێکم (من وەکوو خاڵێکم)، ئەو خاڵەش بەسەر پیتەوە هاتووە. کەواتە: من و زەریا و خاڵ یەک شتن، هەروەها جام و پێت یەک شتن. دووبارە تەماشای پەراوێزی ژمارە 32 بکە.

39- سەرچاوەی ژمارە 8، لاپەڕە 86

40- سەرچاوەی ژمارە 4، لاپەڕە 3

41- چو خاموش شد غسل الدین زان أیام

بشد ناطق آن طاهر نیکنام

گواهی دهم از ازل تا ابد

تو بودی و هستی بما شهریار

تو هستی خداوند ما بندەوار

42- سەرچاوەی ژمارە 8، لاپەڕە 160

43- لە شاهنامەی حەقیقەتدا هاتووە کە سوڵتان سهاک هەڵۆیەکی سپی بووە و لە داوێنی دایراک خاتوون (دایە ڕەزبار) نیشتووەتەوە، کاتێ دایە ڕەزبار داوێنی وێک ناوە هەڵۆ بووەتە منداڵێک و بەم شێوەیە سوڵتان پەیدا بووە، واتە سوڵتان سهاک لە دایکێکی باکیرە بووە. بڕوانە سەرچاوە 5، لاپەڕە 326 حکایت ظهور ذات بجامە حضرت سلطان.

44- سەرچاوەی ژمارە 8، لاپەڕە 161

45- بە لای فەریدەددینی عەتارەوە (وادی السلوک) حەوت قۆناغە: طلب، معرفت، استغناء، توحید، حیرت، فقر، فنا. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 7، لاپەڕە 5. شایانی باسە شێخ فەریدەددینی عەتار نیشابووری یەکێک بووە لە قوتبەکانی چل تەنان. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 6، لاپەڕە 10

46- سەرچاوەی ژمارە7، لاپەڕە 36

47- سەرچاوەی ژمارە 8، لاپەڕە 94

48- سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 462

49- سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 462

50- سەرچاوەی ژمارە 4

51- سەرچاوەی ژمارە 7، لاپەڕە 17

52- بڕوانە پەراوێزی ژمارە 2
53- حافزی شیرازی (لە سەرەتای سەدەی هەشتەم لەدایکبووە و لە ساڵی 792 هیجری قەمەری لە شیراز کۆچی دوایی کردووە) لە دۆنی پیر بنیامین بووە، کە ئەمیان یەکێکە لە هەفتەن.
دگر بود حافظ که بنیام بود
بدرگاه حق بود اندر سجود
بڕوانە بەیتی ژمارە 6139، سەرچاوەی ژمارە 5
54- سەرچاوەی ژمارە 20، لاپەڕە 178
55- سەرچاوەی ژمارە 14، لاپەڕە 19
56- سەرچاوەی ژمارە 14، لاپەڕە 22
57- سەرچاوەی ژمارە 20، لاپەڕە 50
58- سەرچاوەی ژمارە 7، لاپەڕە 33
59- لێرەدا پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە ئەیووب پێغەمبەر لە دۆنی "بنیامین" بووە، حەسەن لە دۆنی "شابرایم" و حوسێن لە دۆنی "باوە یادگار" کە دۆنی بابا تاهیریشە.
پس از آن ایوب گشت صاحب بصیر
که بد مظهر پاک بنیام پیر (بەیتی ژمارە 2957)
حسین یادگار و حسن شا برام
که بوند سالار در هر أیام (بەیتی ژمارە 741)
بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، لاپەڕە 154 و 42
60- سەرچاوەی ژمارە 22، لاپەڕە 49
61- "شتر دیدی ندیدی" پەندێکی ئێرانییە.
62- سەرچاوەی ژمارە 15، لاپەڕە 6، هەروەها سەرچاوەی ژمارە 16 لاپەڕە 142
63- لە ئایینی یارساندا ئەم هەشتانە هەن: هەشت تەن، هەشت ئاسمان، هەشت ئەفلاک، هەشت ئەنجومەن، هەشت بەهەشت، هەشت خان، هەشت دۆزەخ و. . هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، لاپەڕە 769
64- لە ئایینی یارساندا ئەم چوارانە هەن: چوار تەن، چوار ئەرکان، چوار ئەنجومەن، چوار هەفتەوان، چوار جامە، چوار هەست، چوار خان، چوار یار و . . هتد. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 5، لاپەڕە 690
65- لە کلامی نرکەی شاهەنشادا هاتووە:
کاکا شی وە شوێن ڕای ڕەواج یار
دیش کە هەشت تەن بی چێر ساج نار
بڕوانە سەرچاوەی ژمارە 10، لاپەڕە 191
66- هەروا بووە و هەر وا دەبێ، دێڕێکە لە پێشبینییەکانی عێڵ بەگیی جاف.
67- سەرچاوەی ژمارە 20، لاپەڕە 355
68- سەرچاوەی ژمارە 20، لاپەڕە 358
69- سەرچاوەی ژمارە 2، پێشەکی.
70- سەرچاوەی ژمارە 17، پێشەکی.

سەرچاوەکان

1- بابا طاهر عريان: فارسي، انگليسي، فرانسه، آلماني. چاپ پيك. سال 1365 هجري قمري. انتشارات پديده.
2- ديوان بابا طاهر عريان. از روى نسخهء تصحيح شده دانشمند شهير وحيد دستگردى. مؤسسه مطبوعاتى أمير كبير. تهران 1333 هجري قمري. چاپ دوم.
3- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادى. چاپی 1952ی زایینی. چاپخانەی معارف.
4- پێداچوونەوەی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی یەکەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە 1163ی ڕۆژی 1990/3/22
5- حق الحقايق (شاهنامه حقيقت) حاج نعمت الله جيحون ابادى. كتابخانەی طهوری. تهران 1982ی زایینی.
6- سرسپردگان. تاريخ و شرح عقايد دينى و آداب و رسوم أهل حق (يارسان). تأليف سيد محمد على- خواجه. 1362 كتابخانهء منوچهرى.
7- جم. پرتوى از لقا و سيرى در مولانا. مجيد القاصى. انتشارات بيگوند 1363 تهران.
8- دورهء هفتوانه. سرانجام. صديق صفى زاده. كتابخانەی طهوری. تهران 1982ی زایینی.
9- ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور – سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی – بەشی یەکەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان، ژمارە 61، سالی 1987.
10- برهان الحق. تاليف نور على الهى. چاپ ششم 1361.
11- کاکەیی. محمد ئەمین هەورامانی. چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، 1984.
12- ئەستێرەگەشەی ئاسمانی شارەزوور – سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی – بەشی دووەم. هاشم کاکەیی. گۆڤاری کاروان، ژمارە 62، سالی 1988.
13- گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد – بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم 1987. چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق. بەغدا.
14- قوس زندگى منصور حلاج. تأليف لوئى ماسينيون. ترجمهء دكتر روان فرهادى. کتابخانەی منوچهرى، تهران 1358.
15- پێداچوونەوەی فەلسەفیانە و سۆفیزمانە بە هەندێ لە دووبەیتەکانی بابا تاهیر. بەشی یەکەم. دکتۆر مارف خەزنەدار. ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە 1168ی ڕۆژی 1990/4/9
16- التصوف في الشعر الكلاسيكى الكوردى. كمال مصطفى معروف. مجلة الثقافة الجديدة، العدد 11 أيلول 1990.
17- ديوان بابا طاهر همدانى. به تصحيح و مقدمهاى مهدى الهى قمشهاى. با اضافاتى از نسخهء وحيد دستگردى. نشر محمد. 1364 هجري قمري.
18- فرهنگ فارسى عميد. سه جلدى. تأليف حسن عميد. مؤسسه انتشارات امير كبير، تهران 1365.
19- المنجد في اللغة و الاعلام. تأليف: لويس معلوف. دار المشرق، بيروت. الطبعة السادسة و العشرون.
20- ديوان حافظ شيرازى. از نسخه محمد قزوينى و دكتر قاسم غنى. انتشارات ميلاد. نوبت سوم. تهران 1379.

21- دانشنامه نام آوران یارسان. دکتر صدیق صفی زاده. انتشارات هیرمند. چاپ اول تهران 1376.
22- سرانجام. دفتر اول. مجموعه کلامهای یارسان. گردآوری، تحقیق و ویراسته: طیب طاهری. انستیتو فرهنگی کرد – سلیمانیه 2007.
23- مێژووی وێژەی کوردی، بەشی یەکەم، صدیق بۆرەکەیی (صفی زاده). چاپخانه چهر تبریز 1370.
24- بابا تاهیری عوریان، ژیانی و لێکدانەوەی چەند چوارینەیەک لە شیعرەکانی بەپێی بیروڕای ئاینی یارسان، فەهمی کاکەیی، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە 11-12 سوێد 1991.

سەرچاوەی ئەم باسە:-
http://www.kurdistannet.info/net/index.php?option=com_content&view=article&id=16679%3A2010-12-17-00-15-59&catid=18%3Ahemereng-&Itemid=159